مەندەلاوی داوای تۆمارکردنی سکاڵای نێودەوڵەتی لەسەر ئیسرائیل دەکات

موحسین مەندەلاوی، جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرکۆنەی توندی بۆ هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە ڕۆژی هەینیدا دەربڕی و هۆشداریدا لە "مەترسی ئەم پێشێلکارییە ئاشکرایەی ڕێککەوتننامە و یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە".

موحسین مەندەلاوی لە پەیامێکدا داوای لە "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە بە پەلە هەنگاو بنێن بۆ سنووردارکردنی ئیسرائیل و هەنگاوەکانی، کە ئامانجی گڕدانەوەی شەڕە لە ناوچەکەدا"، جەختیکردەوە کە بەردەوامی بێدەنگی لە بەرامبەر تاوانەکانی داگیرکاری و پێشێلکارییە ترسناکەکان لەم کاتە گرینگ و هەستیارەدا لێکەوتەی ترسناك و حەتمی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی دەبێت".

جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق داوایکرد "سکاڵایەکی نێودەوڵەتی عێراقی لەسەر ئەو قەوارە ئیسرائیلییە تۆمار بکرێت بەهۆی پێشێلکردنی ئاسمانی وڵاتەکە و بەکارهێنانی بۆ هێرشکردنە سەر دراوسێکانی عێراق کە ئەمەش پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەری نیشتمانییە".